وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە کۆتایی ئەم مانگدا سەردانی بەغداد دەکات

ئەحمەد سەحاف، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، کە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە کۆتایی ئەم مانگدا سەردانی بەغدای پایتەخت دەکات.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن، پێشوازیان کرد لە ئاوێزکاری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە سەرکایەتی کەماری فەرەنسا، پاتریک دورێل.

ئاماژەی بۆکرد: لە دیدارەکەدا پەداچوونەوە بە پێشکەوتنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان بەغداد و پاریس و ڕێگاکانی فراوانکردنیان کرا بە زیادکردنی قەبارەی هاریکاری لە هەموو بوارەکاندا بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە هەمەلایەنەی کە لە نێوان هەردوو وڵات لە هەموو بوارەکاندا واژۆ کراوە بەتایبەتی لە بواری وزە، ئابووری، وزە و ژینگە.

ڕونیشیکردەوە: لەدیدارەکەدا هەردوولا تاوتوێی سەردانە هاوبەشەکانی نێوان بەرپرسانی هەردوو وڵاتیان کرد، دیارترینیان سەردانی چاوەڕوانکراوی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرکەی فەرەنسا بۆ بەغداد بوو، هەروەها سەردانی چاوەڕوانکراوی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بۆ بەغداد لە کۆتایی ئەم مانگدا.